Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی ژمارە ٩ی سکرتایەتی کۆمەڵە:

# دەست بەسەر کردنی بەربڵاو لە سنە و درێژەی ناڕەزایەتی خەڵك لە شارەکانی کوردستان

دوێنێ و دوێنێ شەو زیاتر لە سەد کەس لە لاوان و خەڵکی شاری سنە دەستبەسەر کراون، چەند کەس لە هەڵسووڕاوانی بواری ژنان گیراون  کە خانمی رۆئیا تلووعی لە زومرەی دەست بە سەر کراوەکانە. خەڵکی سنە لە درێژەی ناڕەزایەتی خۆیان ئەمرۆش مانیان گرت و دووکان و بازاڕیان داخست و شار لە حاڵەتی تەعتیلی تەواودا بوو. هێزی ئینتزامی  و گاردی تایبەت لە دوێنێ شەوەوە بە کردەوە حکوومەتی نیزامیان لە شاردا حاکم کردووە.
خەڵکی مەریوانیش بە نیشانەی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی سنە و بۆ ئێعتراز بە سەرکوتگەریەکانی رژیم، ئەمڕۆ دووکان  وبازاڕیان داخست و شار حاڵەتێکی بە تەواوی نائارامی هەیە و گاردی تایبەت وهێزە نیزامیەکان تەواوی مەیدانەکانی شاریان داگیر کردووە و هێرش دەکەنە سەر هەر کۆمەڵێکی سێ کەسی. دوێنێ شەو بۆ جارێکیتر شاری دیواندەرە مەیدانی خۆپیشاندانی خەڵکی بوو بۆ پشتیوانی لە خەڵکی سنە و باقی شارەکانی کوردستان. هەڕەشە و دەست بە سەر کردنی خەڵك لە شارەکانیتر درێژەی هەیە.
ئازادی گیراوەکان، هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی نیزامی لە شارەکانی کوردستان و دادگایی کردنی بەڕێوەبەرانی کوشتنی خەڵك، خواستی هەموو خەڵکی کوردستانە.
هەڵسووکەوتی وەحشیانەی کاربەدەستانی رژیمی ئیسلامی بۆتە هۆی رق و تووڕەیی گشتیی خەڵکی کوردستان و بێگومان  ئەمە دەبێتە هۆی ئابڕووچوونی کۆماری ئیسلامی.

## سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٣٨٤/٥/١١
٢٠٠٥/٨/٢

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)**٣١٥٠٢٨٩
Tel: **(0044704)**٣١٦٠٧٥٢
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**